# عێراقێکی فیدراڵ.....و..... شاری کەرکوک !!!



یەک لە هەرە گەورە کێشەکانی ڕێنەکەوتنی سیاسی نێوان گشت پارتە سیاسیەکانی ئەورۆی عێراقی بە هەردووک پارتە سەرەکیەکانی کوردوستانەوە کە کاریگەر بوە بەسەر ئایندەی گشت عێراقەوە و ڕەنگدانەوەی نەرێتی و نەگونجاوی ئەم لایەنانەی بە خۆوە گرتبێت بێ گومان پێک نەهاتنە لەسەر تەنگوچەڵەمە هەڵواسراوەکانی سەر بە شاری کەرکوکەوە، ئەگەر ئەم بارە نالەبارە هەر بە هەمان هەواو کێشە درێژە بخایەنێت و بایەخی شیاوی بۆ دەستنیشان نەکرێت ئەوا ئەو کاتە شێواوی نەک تەنها شاری کەرکۆک بە دەگرێتەوە بەس، بەڵکو کاریگەر دەبێت بە سەر هەموو نەتەوە جیاوازەکانی نیشتەجێبووی ئەم شارەو ناڕەزامەندی خەڵکانی دەڤەرەکە دەبێتە هۆی نەهێشتنی بیروباوەڕێکی ڕاستەقینەی کەمە نەتەوەیەکان ڕووبەر بە هەڤدی و بەرامبەر بە شارەکەیان، هەروەها دامێنی و نەهامەتی بە جارێک دەبارێتە سەر هاوڵاتیانی کەرکوکی زامدارەوە، واتە ئەگەر بارەکە هەروەها بڕوات ڕەنگدانەوەکەی هەم لە باری ئابووری وە هەم لا باری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە بە خراپی بە سەر شانی پرانی چین و توێژی کۆمەڵانی شاری کەرکوک و دەڤەرەکەیدا دەشکێتەوە.

لە بەر نەبوونی سیاسەتێکی هەمیشەیی دابین کراو کە باڵکێس بێت بە سەر گشت تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە، خەڵکانی دانیشتووی ئەم شارە تا ساڵی 2004 ش هەر لێپرسراوان و دەستەڵاتدارانی ناوچەکە بوون بە خۆیان توانیان حوکم و یاسای گونجاوی خۆیان لە کەرکوک ناوچەکانی سەر بەم شارەدا بگێرن .

بە شێوەیەکی گشتی هەر هەموو سیاسەتمەدارانی عێراقی دوای ڕژێمی لە ناو چوو قایلن بەوەی کە عێراق دەبێت سیستێمێکی فیدراڵی شیاوی بە خۆیەوە بگرێت، ئەگەر چی ئە بۆ چوونەش لە لایەن هەندێک پارتە عێراقیەکانەوە بە باوەڕێکی توندیشەوە نەبوویێت، بەڵام هەر وەک بۆ هەموان ڕوونە، ئەم جۆرە تێروانینە تا ئەورۆش بۆ سرەکردە کوردەکانمان لە قاڵبی بە واتا بوونی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و

ناوچەکانی دیاری کراوی سەر بە جوغرافیای کوردوستانەوە تا هەنووکەش شێوەو شێوازی ئەم جۆرە فیدراڵیە ڕوون و ئاشکرا نیە.

بارە قورس و سەرەکیەکە ی سەر بەم کێشەیە بێ گومان هەر بە سەر شانی کۆردانەوە بووە، چونکە کوردان بۆ ماوەی 15 ساڵێک هەر خۆیان حوکمی خۆیان کردوە، خۆ ئەگەر بەراوردی ئەو حوکمە بکەین لە گەڵ ناوچەکانی باشووری عێراقەوە، دەبینین چلۆن بارەکە بە گشتی بە پێچەوانەیە، چونکی لە باشووری ئەم ووڵاتەدا تا ساڵی 2003 ش هەر سەددام لەوێ حوکمڕان بوە

ئەگەر بێت و ئەورۆ بە دومباڵی ئاڵایەکی سەرەکی و ناسراوی عێراقیدا بگەڕێیت ئەوا بە دەگمەن ڕەچاوی دەکەیت ئەم ئاڵا جیاوازانە لە یەکدی بچن، بۆ نموونە ئاڵای ڕۆژینی بڵندی کوردوستان بەسەر هەرجەم دامو دەزگا حکوومەتیەکاندادەشەکێتەوە. کەچی لە هەندێک ناوچە سەر بە شیعەکانی باشووری عێراقەوە، دەبینیت جۆرە ئاڵایەک بە دەستیانەوە دەلەرێتەوە کە زووتر لە هیچ ناوچەیەکی ئەو دەڤەرەدا دیار و ئاشکرا نەبوون، خۆ هەرچی سوننەی عێراقیشە ئەوا ئاڵا کۆنەکەی سەددامی گۆڕ بە گۆڕ تا ئەو ساتەش هەر بە کار دێنن، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە تەنها ئەوە دەگرێتەوە کە ووڵاتی عێراق هەر لە کۆنەوە نەخشەیەکی هەڵەی بۆ کێشراوە، چونکی بۆ نموونە هاوڵاتی کورد لەو ووڵاتەدا بە هیچ شێوەیەک داب و نەریتی لە نەتەوەی عارەب و کەمە نەتەوەیەکانی دی هەر ناچێت، جگە لەوەش 97% هاوڵاتی دانیشتووی کوردوستانی عێراق لە هەڵبژاردنێکی نارەسمیدا،. بە ئازادی خۆیان دەنگیان بە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردوستان دا.

ئەو دیاردەیە، ڕاشکاوانە دیارە بۆ وای لێهات، بنەڕەتەسەرەکیەکەی بۆ ئەو هەموو زولم و کوشتارو زیندان و زیندە بەچاڵی کوردانە دەگەڕێتەوە، ڕژێمە فاشیەکانی سەر بە عێراقی کۆن هەر لە ساڵانی دامەزراندنی ئەم ووڵاتەوە، تا هاتنی ڕژێمی نەژاد پەرەستی سەددامی لە نەفرەت بوو هێندە زەبرو زۆریان هەبوو بە سەر میللەتی کوردەوە، کە تا وەکو گەیشتە ئەوەی کە سەربازە سەددامیەکان چەقۆ و کێرد و چەک و غازی کوشندەشیان بە سەر ئەم نەتەوەبێ تاوانەدا باراند، بە بیرمان دێتەوە چلۆن 200000 مرۆڤی سیڤیل لە ساڵانی 80 دا شەهید کران، کە بە یاسای سەر بە نەتەوەکان پێی دەوترێت جەنگی جێنۆسایدی کۆکوژ، دوا بەدوای جەنگی کەنداویش دووبارە سەددام هێرشی بردە سەر کوردەکان و بە مەلایین خەڵکی هەژاری بێ چەکی سیڤیلی دەربەدەر کرد، تا ئەورۆش هەر کوردێک بگرە کە بە خۆی جێنیشی شاری بەغدای پایتەخت بێت دەبینیت چەند ئەندامێکیان هەیە کە بێ سەرو شوێنن یاخود بە زۆری دوورخراونەتەوە لە شارەکەی خۆیان و سەروەت و سامانیشیان نا ڕەوایانە زەوت کراوە.

دەبوایە کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانەو سروشتیانە کە توانیبویان 15 ساڵ خۆیان حوکمی ناوچە ئازادکراوەکانی خۆیان بگێڕن، بەبێ مەرج جیا بوونایەتەوە لە گەڵ ئەو وولاتەی کە سەرەڕای ئەوەی چەندین ساڵە خێروخێراتیان دەخۆن لە نەوارەکانی سەر بە زوی و زاری خۆشیان جگە لە وانەش کە ناوچەکە جێگەی باو باپیریانە، سەرەڕای ئەوەش هەر دەربەدەریان دەکات،

بەڵام وەک ئاشکرایە ئامریکاییەکان دۆمبالی ئاشتیەکن لە عێراقدا، کە دەنگ بداتەوە لە گشت جیهاندا، ئەویش هەر بۆ ئەوەی مەرامی سیاسی خۆیان بێتە دیو مانەوەیان لەو وولاتە سەرکەوتوبێت، وەنیازیەتی ئەو وولاتە بە یەک خاک و یاک نەتەوە بناسێنێت، جا وا دەردەکەوێت کە هەر لەبەر ناڕەزایی ئامریکاییەکان بوو، وای لە سیاسەت مەدارە کوردەکانیش کرد گۆمبەزی سەربەخۆیی کوردوستان بەرەو دواڕۆژ دواخەن و جێی بهێڵن، ئەو سەربەخۆی و دەستەڵاتە هەڵقوڵیوەی ئێمەی کورد هەمانە لەو سێ شارە ئازادکراوەدا ، تا ئێستاش هیچ وولاتێک بە ڕوونی دانی بە فیدراڵی ئەو پارچە ڕزگار کراوە نەهێناوە ، هیچ دوور نیە دووبارە شەڕو پێکداچوون لە سەر شاری کەرکوک دەست پێبکاتەوە، بە خۆتان چاک دەزانن کە خەڵکانی کوردی ئەم شارە دێرینەی کورد بە گشتی ڕاگوێز کران و عارەبی باشووری عێراقیان بە زەبری پارە هاوردۆتە دەڤەرەکەوەو نیشتەجێیان کردون. جا هەر لە بەر ئەوەیە کە کوردان ئەورۆ داوای ئەو شارەی خۆیان دەکەنەوە، وە گەلانی جیهانیش بێگومان مافیان دەداتێت، چونکی ئاشکرایە کە خاکی کەرکوک تەنها بە خاکی کوردان دەژمێردرێت، بە پێی دەستوور دەبێت ئەو عارەبانەی کە سەددام کاتی خۆی هێنابوونی بۆ کەرکووک، ئەویش هەر بۆ زراندنو نەلکاندنی شاری بابەگوڕگوڕ بوو بە کوردوستانەوە. دیسانەوە حکوومەت بە پێی دابین کردنی خەرجێکی تایبەتەوە دەبوایە ئەو ئاوارە عارەبهانە بگوێزرێنەوە بۆ شوینەکانی خۆیان و کوردە دەرکراوەکان بگەڕینەوە جێگای باب و باپیرانیان، دوا بە دوای بە ئەنجام دانی ئەو پرگەیەش دەبێت هەڵبژاردنێکی گشتی لەو شارەدا سازبکرێت، کە ئەنجامەکەشی بێگومان وەدەری دەخات، کە ئایا ئەم شارە بۆ کام لایەن و سەر بە کام لقی فیدراڵی عێراق دەبێت؟. بێگومان ئەویش هەر کوردە کە گرەوەکە بە براوەیی دەباتەوە. ، ئەم ڕێک کەوتنە سیاسی و پەیمانەش لە لایەن حکوومەتی جەعفەریەوە پووچەڵ کرایەوە.

بە داخەوە دەڵێم کە عارەبە سوننەو شیعەکان زۆر بە ڕاشکاوی دەیانەویت ببن بە بەربەست و دیوارێک بە ڕووی ئەم پرۆژەیەوە، خۆگفتوگۆکانیان هەرلەدامەزراندنی دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە بە زەقی دیار بوون،

شیعەکان بە خۆیان دەبێژن کەوا  لەبەر ئەوەی کە ئەوان بە ڕێژە زۆرینەن لە خاکی عێراقدا دەبێت ئەو نەوتەی کە لە دەورو پشتی کەرکوکیشدا هەیە،  بگەڕێتەوە بۆ ئەوانی زۆرینەی سەر بە خەڵکانی شیعە.

هەرچی سوننەشە خۆیان بە خاوەن هەر هەموو عێراق دەزانن چونکی ئەوان سەدان ساڵە حوکمی گشت خاکی عێراق دەکەن، وە سوننە وەک بڵێیت بوونە بەو پایە بەرزانە کە هەموو عێراقی لە سەر شانی خۆ هەڵگرتوە، وە هەروەها دەڵێن گوایە تەنها هەر بەخۆشیان بوونە کە بنەچەو ڕەگی ئەم ووڵاتەیان بنیات ناوەو داگوتیوە، جگە لەوەش ئەو سونیانە لەوەش دەترسێن کە ئەگەر هاتوو شیعەش وەک کوردەکان داوای فیدراڵی بکەن ئەوا باری ئابووریان دێتە ژێر پلەی سفرەوەو ئەو کاتە، سونیەکان تەنها داهات کە هەیانبێت هەر بیابان و ڕووباری دیجلەو فورات دەگرێتەوە و لە بەرهەم و داهاتی نەوتی باکوورو باشووریش بێبەش دەبن.

گرەفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو هاوڵاتیە عارەبە نامۆیانەی ئەورۆکە لە شاری کەرکوکدا خۆیان گەمارۆ داوەو نیشتەجێبوون، کە کاتی خۆی بە بۆنەی ڕاگویزانیانەوە لە لایەن ڕژێمس فاشیستی سەددامەوە بۆ ئەم شارە هاتبوون ، هەر کاتێک مرۆڤ باس لە دواڕۆژی ئەو دەڤەرە بکات، هەر دووک لقە دینیە سەر بە سوننیو شیعە عەرەبەکە ڕووبەڕووی ئەم بابەتە سەرەکیە بۆ میللەتی کورد دەبنەوە، یەکسەر تێبینی دەکەیت چلۆن یەکتر زۆر بە ڕاشکاوی دەگرنەوەو دەبنە پاڵپشتی هەڤدی بۆ سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەیە، کە بە پرۆژەیەکی مرۆڤایەتی و داد و گرتنی مافەوە لکێندراوە، واتە لە ڕەواڵەتدا  سەرکەوتن و بەدیهێنانی مافی چارەنووسی یەکێک لە هەرە شارە دێرینەکانی کوردوستان کە چەند ساڵە هاوڵاتی عارەب سوود لە کانیاوی ئەم شارەی وەرگرتوە لە بەر چاوی خۆ ناگرن، جا لە بری چاکە دانەوە گشتمان دەبینین کە چلۆن زۆربەی زۆری پارتە عارەبەکان بۆ سەرنەکەوتنی ئەو پرۆسەیە دەستی یەکتر دەگرن و دژ بەەو یاسایە دەوەستن کە خۆدهی ئەو پارتانە بەر لە دوو ساڵ بە خۆیان ئیمزایان لە سەر کردوە. واتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پارتە عارەبەکان بە سونەو شیعەوە دژ بە وەن کە ئەو شارە شارێکی کوردەو دەبێت بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە. بەڵام وا دیارە کە ئەو پارتانە هەموویان لەسەر کێشەی کەرکوک پێکهاتوون، چونکی ئەو بابەتە بوون و کیانی کوردو ئابووری ووڵاتی سەربەخۆیی کوردی پێوە لکێندراوە ئاسۆی گەشی خۆشی و شادی کوردانە.

هەرچی دەربارەی هاوڵاتیە تورکمانەکانیشە کە لە کەرکووک دانیشتوون و بە ژمارە و ڕێژە زۆر لە هاوڵاتیانی کورد کەمترن، ڕەچاوی دەکەین کە ئەوانیش پاڵپشتی برا عارەبەکانیان دەگرن سەبارەت بەو پرسیارە، خۆ گەلێک ئاشکرایە کە هەندێک لە پارتە تورکمانەکانی سەر بە ووڵاتی تورکیا هەر بۆ گوێگرتنیش بێت

نایانەوێت گوێرایەڵی ئەوە بن کە هەندێک لەو بەڵگانەیان بۆ بێنیتەوەو بیسەڵمێنیت کە شاری کەرکوک لە بنەڕەتدا هەر شارێکی کوردی بوە، وە ئێمەی کورد خۆ هیچ دەمێک لە مێژوودا بە زۆردی پەلاماری گەلانی دەورو پشتمان نەداوە، هەرچەندە زۆر جاران دەبیستین کە هەندێک لە مێژووناسان، نا ڕەوایانە دەیانەوێت گەلی کوردیش وەک نەتەوە هێرشکەرەکانی تر ناو بەرن، بەڵام لە سایەی خوداوە هەر ئەو مێژووناسانەش ئەورۆ ڕوورەشی میللەتی کورد بوون، چونکی ئەورۆ زۆر لەو ڕاستیانە ئاشکرا بوون کە بە هەڵەو شاش لە لاپەرە مێژووییەکاندا تۆمار کراون، هەرچی سەبارەت تورکیاشە، کردەوەو ڕەفتارەکانی بەرامبەر کوردانی کوردوستانی باکوور لە گشت جیهاندا ناوی بە دڕندەیی و بێ بەزەیی دەرکردوە، جا لە بەر ئەوە تورکیا بە خۆی ڕزگارکردن و سەربەخۆیی کوردوستانی باشوور ، بە ڕەشترین ڕۆژی نەوەی تورک دەزانێت، وە هەردەم لە پلان گێراندایە بۆ لە ناو بردنی شۆڕشی خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی کوردوستان، ئاواتی بەرزی تورکیا ئەورۆ لەوەدایە کە هەرگیز شاری کەرکوک نەگەڕێتەوە سەر ناوچەی فیدڕاڵی کوردوستانی عێراق ، بە بۆچوونی تورکیا گەڕانەوەی ئەم شارە بۆ سەر هەرێمی کوردوستان وا کاریگەر دەبێت لە سەر برا تورکمانەکانی شاری کەرکوک، کە ئەوان ئەو جارە  بە کەمە نەتەوە لە قەڵەم بدرێن، وە چلۆن تورکمان دەبێت لە وڵاتێکدا بژیێت کە پێی بوترێت کوردوستان ،

جا هەر لەبەر ئەوەشە گەلێک لە تورکمانە جێنشینە ناوچە جوداکانی عێراقیش وا خەریکن کۆمەڵ کۆمەڵ بگەڕێنەوە ناو شاری کەرکوک، بۆ ئەوەی بتوانن ڕێژەیان زۆر بکەن لە کاتی دەنگدانەکەی شاری کەرکوکی داهاتو، هەر بۆیە ئەوان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن کە کەرکوک بکەویتە سەر بەشی پابەند بە عێراقەوەو خواستیانە کە حوکمی ناوەندی و مەرکەزی بە سەر شاری کەرکوکی کوردوستانەوە بە زۆردی بسەپێندرێت.

لێرە دەتوانم بڵێم کە ئەوگروپە نا تەبایانە گشتیان بە هەڵەدا چوونە و خەیاڵیان خاوە، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەو گروپە سەر لێشێواوانە بە خۆیان باش دەزانن کە ئەم خاکە خاکی کوردانەو کوردیش هەرگیز دەستبەرداری نابن، ئەو هەموو شەڕو پێکدانانەی ئەم میللەتە بەرامبەر بە ڕژێمانی عێراقی لە مێژووی نوێدا کردۆتی، زۆربەی زۆری لەسەر ئایندەی کورد بوە کە ڕاستەوخۆ بە شاری کەرکوکەوە گرێدرابوون ، جگە لەوەش گەڕانەوەی دڵی کوردوستان مانای بەردەوامی ژیانی سەربەخۆیی کوردە لە ئاییندیەکی نزیکدا، ئەو گروپانە دەبێت باش بزانن کە خاک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میللەتەی کە لاوانی هەمیشە لە خەباتدان و ئامادەن هەردەم بە گیان و ماڵ و حاڵ خۆیان بە فیدای زەویو خاکەکەیان بن، ئەورۆش بە ڕاشکاوی دەبینین کە هەر میللەتی کوردە بە دڵ و بە گیان خەبات بۆ گەڕانەوەی شاری

کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردوستانی ئازاد کراو دەکات. واتە خاوەنی شاری کەرکوک تەنها میللەتی کوردە، کە سەدان ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژێت

**بارزان شوان**

**uvnbas@hotmail.com**